# کەللەی ئەو هەموو بەرانانە, لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێ!

د. ئەحمەد میراودەلی mirawdaly@hotmail.com



پێش دووسالان, هێزی هاوپەیمانان, ئێراقیان داگیرکرد"ئازاد کرد." وا نزیکەی سێ مانگە, گوایە, یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادیان لەمیژووی ئەو وڵاتەدا ئەنجام دا. لەگەڵ ئەوەشدا کە جەماوەرێکی زۆر بەرەوپیری دەنگدان چوون, لێ هەتا هەنوکەش, لەسەر دابەشکردنی پلە و پایە, لایەنەکان لە بێنەوبەرە و بگرەوبەردەدان.

زوو بەزوو, دوای دابەشکردنی میراتی عوسمانی لە نێوان, بەریتانیا و فەرەنسادا, ئینگلیزەکان, سەرقاڵی دروستکردنی چەند وڵاتێك بوون و, یەکیش لەو وڵاتانە ئێراق بوو, کە باشوری کوردستانیشیان بەزۆرەملێ, پێوەلکاند. لێ گەلی کورد, هەر لەسەرەتاوە بەرەنگاری ئەو پێکهاتەیە بۆوە.

یەکەم پادشای ئێراق"فەیسەڵ"ی یەکەم, ساڵی 1930, دوای دە ساڵان لە دامەزراندنی ئێراق, لە ڕاپۆرتێکدا, کە وا پێدەچێ بۆ " مەندووبی سامی" بەرزکردبێتەوە, بەم شێوەیە باس لە گیروگرفتی ڕژێمەکەی دەکا ( ئەم ڕژێمە: حوکمرانی گروپێکی کوردی دەکا, کە بە گشتی " گوێڕایەل نین" و, هەندی کەسیشیان تەمای تایبەتییان هەیە و, داوا لە گرووپەکانیان دەکەن دوورکەونەوە لە دەوڵەت, لەبەر ئەوەی لە ڕەگەزی خۆیان نییە. ئەم ڕژێمە, حوکمی شیعەیەکی زۆری هاوڕەگزیشی دەکا, لێ لەبەر ئەوەی لەسەردەمی سوننە عوسمانییەکاندا چەوسێندرابوونەوە, بۆیە بوغز و کینەیەکی گەورە دژی سوننە لەناویاندا پەیدا بووە کە, وایلێکردوون پشتبکەنە ئەم ڕژێمە و لەو بڕوایەدابن کە ڕژێمێکی زۆر خراپ دەبێ....ئەمە جگەلەوەی کە کەمایەتی دیکەش هەن لەوانەش مەسیحییەکان کە هاندەدرێن بۆ داواکاری جیاواز. سەرەڕای ئەمانەش ژمارەیەکی زۆر تیرە هەن کە دەزانن بوونی دەوڵەت لەبەرژەوندی سەرۆکەکانیاندا نییە, ڕەتی هەموو شتێك دەکەنەوە پێوەندی بە دەوڵەتەوە هەبێ....من بە دڵێکی پڕ خەمەوە دەڵێم کە, تا ئێستا لە ئێراقدا گەلی ئێراقی نیە)[1]

ئەو چەند ڕستەی سەرەوە, ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە هەموومان پێی ئاشناین و, دەزانین هەر لە سەرەتای دروستکردنی ئێراقەوە, ناتەبایی و بێ بڕواییەکی گەورە لە نێوان گرووپەکاندا هەبووە. فیسەڵ باشی پێکاوە کە کورد, خۆی بە ڕەگەزێکی جیاواز لە عارەب دەزانێ و مرخی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ خۆشکردوە و نەیویستووە لەگەڵ عارەب لە وڵاتێکدا بژی. وەلی شیعەکانیش بە هەڵەدا نەچوون کە لەو بڕوایەدابوون ئەو دەوڵەتە زۆر خراپ دەبێ.

ئێستاکەش کە سەرلەنوێ خەریکی دروستکردنەوەی ئێراقن, نێوانی ئەو لایەنانە, هیچ باشتر نەبووە و بەلکو خراپتریشە. لە ژێر ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی سوننەدا, لە هەشتا ساڵەی ڕابوردوودا و بەتایبەتیش, لەسەردەمی ڕژێمی سوننەی عەفلەقیدا, شیعەی عارەب کارێکی وەهای پێکراوە, نەتوانێ لە برا سوننەکەی خۆشبێ. جگە لەوەش لەو

ماوەیەدا, هەر نەبێ دوو جیلی عارەبی سوننەش بە هزرێکی ڕەگەزپەرستی و توندڕۆیی مەزهەبی سەردەمی سەرەتای ئیسلامی, وەها جۆشدراون کە, مەحاڵە هاوتایی برا شیعەکەی پەسەندبکات چجای هاوتایی کورد.
ئەنفالی کوردیش, ئەو ڕۆژە دەستی پێکرد, کە یەکەم عارەبی ئیسلام پای نایە کوردوستانەوەو, لەو کاتەشەوە ئەنفال بەردەوامە لە کوردستاندا و, لە کۆتایی هەشتاکاندا زێتریش لە سەرەتای هاتنی ئیسلام گوڕو تەوژمی وەرگرتەوە.
ئەنفالی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشو, زامی ساڕێژ نەکراوی چواردەسەدەی کولاندەوە. کورد ناتوانێ مێژوی تاڵی ژێردەستەیی عارەب لەبیردەرکا.
ئێستاکێ کە سەرلەنوێ خەریکی ڕەوان(ڕوح) وەبەرداکردنەوەی ئێراقن, هەل و مەرجی دروستکردنەوەی ئەوڕۆی و سەردەمی کۆنی لە دوو خاڵی سەرەکیدا بەدی دەکرێ.
یەکەم: جێگۆڕکەی دەسەڵاتە لەنێوان, شیعە و سوننەی عارەبدا, بەشێوەیەکی سەرەکی.
دووهەم گۆڕانی هەڵوێستی سەرکردایێتی کوردە"نەك نەتەوەی کورد," کە ئەمڕۆ ئێراقیبوون ڕەت ناکاتەوە, وەك سەرکردایێتی کوردی سەردەمی هەڵتۆقاندنی ئێراق. لەگەڵ ئەوەشدا کە جادەی کوردی خوایشتی سەربەخۆیی یە. لێ ئەمە جێگەی سەر سڕمان نییە, لەبەر ئەوەی لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە, کە لە نیو سەدە زێدەترە, سەرکردایێتی کورد, پرسی شەقامی کوردی فەرامۆش کردووە و ویستی خۆی بەسەر جەماوەردا سەپاندووە. ئەوەتا ئێستاکە ئەو سەرکردایێتییە زێتر لە هەموو لایەنە ئێراقییە عارەبەکانیش, لە بوژانەوەی ئێراق چالاکترن, کە بەبەر چاوی خۆیانەوە 98٪ ی کورد لە ڕاپرسی نافەرمیدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا, شەقامی کوردی باش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە بە ئێراقیبوونەوە لە دۆڕاندن بەولاوە هیچی دیکە نابەخشێ. وەلی سەرکردایێتی ئەم سەردەمەی باشوری کوردوستان, بەشان و باڵی فێدێراڵییەکدا هەڵدەدا " کەهێشتان نە دەسەڵات و نەسنووری دەسەڵاتی دیاری نەکراوە." کورد گوتەنی" نەڕێسراوە و نەپێچراوە و شەقەی دێ." جگە لەوەی کە بەئاشکرا هەتا ئێستاش, سەرکردایێتی باڵە سیاسییەکانی عارەب وبگرە شەقامی عارەبیش, فێدێرالیزم ڕەتدەکاتەوە. هەر بینا نابینا سەرۆك گرووپ یا سەرەك هۆزێکی عارەب ڕاست دەبێتەوە و هێڵێکی سوور لەبەردەم داواکارییەکی کورد دادەنێ. لە دڵیشەوە دەڵێم, لەخۆشبەختیماندا, ئەوڕۆ ژمارەی سەرۆکەکانیان لە ژمارەی جەماوەرەکەیان زیاترە و داخوازییەکی کورد نەماوە نەکرابێتە تیپەڕاندنی هیڵی سوور. هەرچۆنێکبێ لەم ڕۆژانەدا بەحاڵە حاڵ و بە چەندین" جەڕڕی سەقیل" وتەبێژی پەرلەمان و دواتریش سەرۆك کۆماری, کاتییان, هەڵبژارد, لێ هەتا نوسینی ئەم ڕستانەش, لەسەر پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیران لەگفتوگۆدان. لەگەڵ ئەوەشدا کە گوایە کورد و شیعە ڕیککەوتوون, کەچی" کاندیدی" کورد بۆجێگری وتەبێژی پەرلەمان کەمتر لە سەد دەنگی هێنا, کە 77 ی هی لیستی کوردە. جێگەی خۆیەتی کەسێك بپرسێ, ئەرێ لە 140 ئەندامی شیعە, چەندیان بۆ ئەو مەبەستە دەنگیان داوە بە کاندیدی کورد ؟. کەسێك خۆی بەهەڵەدانەبا دەزانێ شیعە لەم "ئیئتیلافەدا" تەنها مەبەستی پیکهێنانی ڕژێمەکەیە کە بۆخۆی تێیدادا باڵادەست دەبێ, دوای دروستبوونی ڕژێمەکە لەپێش هەموو لایەنەکانی دیکەوە دژی چەسپاندنی هەمووخاڵێکی یاسای هەمیشەیی دەوەستێ کە ئاساییترین مافی کورد بسەلمێنێ.

کەسێك دەبێ ئەوە بپرسێ, ئەگەر دەستنیشانکردنی بەشی کارگێڕی ڕژێم " ئەنجوومەنی وەزیران" ئەوەندە بخایەنێ, ئەی دەبێ داڕشتنەوەی یاسای ئەو دەوڵەتە چەند کاتی بووێ ؟
ئاشکرایە دوو کۆسپی سەرەکی لە ڕێگەی داڕشتنەوەی یاسای هەمیشەییدایە.
یەکەمیان: سنووری جۆگرافی ودەسەڵاتی فیدێڕالی کوردستانە لە چوارپێوەی ئێڕاقی فیدێڕاڵدا.
لەم خالەیاندا نوێنەرانی کورد بە تەنها بەرامبەر, هەموو باڵەکانی عارەب دەوەستنەوە و هەمیشە لە دەنگداندا کورتی دێنن. لەسەردەمی ڕژێمی عوسمانیدا, عارەب لەو بیرەدا نەبووە کە باشوری کوردوستان بەشێکە لە خاکی عارەب, وەلی دوای لکاندنی ئەو بەشەی کوردوستان بە ئەو وڵاتە عارەبییەوە, ئێستا عارەب باشووری کوردستان بە خاکی خۆی دەزانێ و ئێمەی کوردیش میوانێکی چارە قورسین. بۆیەشە هاوپەیمانی کورد و شیعە زۆر کاتییە وئەگەر حکومەتیش دروستکا, ئەوا لەکاتی داڕشتنی یاسای هەمیشەییدا هاوپەیمانییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.
دووهەمیان: عەلمانی و نا عەلمانی ڕژێمە تازەکەیە. ئەوی کوردە" کە مەبەست سەرکردایەتییە"لەو ڕوانگەیەوە کەلە ئێڕاقی هیوا و ئاشتیدا, کوردیش هاوتای عارەب دەبێ لە ماف و ئەرکدا ودەتوانێ مێژوو و کولتوور و پێناسەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ. وەلی بیرکردنەوەی عارەب بەسەرکردە و جەماوەریشەوە, زۆر جیاوازە. ئەوان هەرچەند لەناو خۆیاندا ناڕێکن و هەندێکیان لاینگیری ڕژێمێکی عەلمانین, وەلی هەموویان تەنها یەك نامەیان هەیە بۆ هەموو کەس و بە ئاشکرا دەڵێن(هەموو ئێڕاقی و ئیسلامین).

جێگەی داخە, دوای نزیکە سەدەیەك لە لەمێژووی پڕ خوێنی, وڵاتێکی بەزۆر سەپێنراو و بەنا سروشت دروستکراو, هاوپەیمانان " ئەمەریکا و بەریتانیا" وا خەریکن دیسانەوە ئەو وڵاتە دروستکەنەوە. ئەنجامەکەشی, دیسانەوە پێشێلی مافی مرۆڤ دەبێ, لەپێش هەمووشیانەوە مافی ژنان لە سەرانسەری وڵاتەکەدا و دواتریش مافی هەموو گرۆپە ئاینی و کەماێتییە نەتەوەییەکان.
دروستکردنی ئێڕاق لە سەرەتاوە, تاوانێکی گەورە بوو,مێژووەکەشی یەکێك لەخویناویترین مێژووی سەردەم لەخۆدەگرێ. سەرکردایێتی کوردی ئەو سەردەمە بەشداری ئەو تاوانەی نەکرد و دژیشی وەستا. زیندووکردنەوەی ئێڕاق ئەمجارەیان تاوانێکی گەورەترە و مێژوویەکی خوێناویتری بەدەمەوەیە و بەزۆریش خوێنی کورد, بەڵام ئەمجارەیان ئۆباڵی گەورە دەکوێتە ملی سەرکردایێتی کوردی ئەو هەرێمە.
بەدرێژایی مێژوومان ئێمە لە زۆرانبازیداین لەگەڵ داگیرکەرانمان. لێ سەربەخۆییشمان وەدەست نەهێناوە. هەندێ لە ڕۆشنبیری عارەبی خاوەن ویژدان, ئامۆژگاری ئەوەمان دەدەنێ کە " ئێمە کۆیلەی دڵ پاکی خۆمانین"!!
ماوەیەك لەمەوبەر لە وتارێکدا ئامێژەم بۆ حەتمییەتی شەڕی ناوخۆی ئێڕاق کردووە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە, کورد گوتەنی کەللەی ئەو هەموو بەرانانە لە مەنجەڵێکیدا ناکوڵێ. بەڕای من شەڕەکە دەستی پێکردووە, لێ نکوولی لێدەکەین " هیوادارم هەڵەبم" وەلی ئەگەر بڵێسەی کرد, با شەڕێکی پیرۆزبێ لەپێناوی سەربەخۆییدا.

1-The Kurdish Question in Iraq, By Edmund Ghareeb.
The preface

2005/4/24 کەنەدا